www.kurdistannet.org

# وەڵامێکی پێویست بۆ کاک فەرمان

رزگار عبدالکریم

هەڵبەت هەر ئەو کاتەی من وەڵامەکەم بە کاک فەرمان لە کوردستان نێت دا دایەوە باش دڵنیا بووم کە کاک فەرمان هەر شتێک دەنوسێت و ناوی دەنێت وەڵام دانەوە .. بەڵام من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد تۆزێک دروست تر بنوسێت و بتوانێت خۆی لەهەموو تەوقانەی ڕەها بکات وئازادانە ئەوە ی دەیبینێت بیڵێت ،ڕەنگیشە وەک لەوەڵامدانەوە کەی یەکەمم دانوسیبووم بەرژەوەندی بوار نەدات یان بیری تەسکی هاوپشتی دەسەڵاتی فێری بێدەنگ بوونی کردبێت لەوەی هەمیشە دەبێت بەشان و باڵی دەسەڵاتداردا بوترێ ئەم فەرهەنگە بەتەنها بەهەگبەی ئەحزابی نمونەی بەعسدا دەبڕێت کە دەسەڵاتداری کوردی بە مێژووی دوانزەساڵی هەمان سیاسەتی بەعسی گرتەبەر..من لەوەڵام بە کاک فەرمان سەبارەت بەوەی کەلە سایەی دەسەڵاتدارانی کوردیدا وەرزش پێشکەوتووە ، پێم ووت کە ئەمە شتێکە لەڕاستی یەوە دوورە،کە کاک فەرمان وای دەیووت بەعس دەستی خستۆتە بواری وەرزشەوە و وەرزشیشی بەرەو دواکەوتن بردبوو ،قسەی من ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی کوردیش لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیاندا وەک بەعس هەمان کاریان کرد (ئاخر چۆن هەمان پیادەکردنی پرۆسە بۆ ئەحزابی کوردی بەپۆزەتیف دەبینی و بۆ بەعس نێگەتیف لەکتێکدا هەردوکیان نێگەتیفن)..

کاک فەرمان دەڵێت من بەشان و باڵی هیچ حیزبێکمدا هەڵنەداوە، لەکاتێکدا مێژووی دەسەڵاتداری کوردی بەشانازیەکی بەرز سەیر دەکات (دەسەڵات کێیە؟)هەر ئەو دوو حیزبە نین؟ هەر ئەوانە نین کەوا بێ ئیرادەی خەڵک دوانزەساڵە هەر ڕۆژەو نۆکەرێتی بۆ دەوڵەتێک دەکەن وکوردیان کردۆتە قوربانی سیاسەتی نادروستی خۆیان ..نەسیحە-تەکانی کاک فەرمان لەوەی دەبێت هەمیشە باسی شتەباشەکان بکرێت و زەق بکرێتەوە مانای وایە بێ دەنگ بوون لەهەڵە(ئەمە لەکاتێکدا هیچ شتێکی جێ دڵخۆش کەر نی‌یە کەئینسان زەقی بکاتەوە مەگەر کەم لەسایەی ئەواندا کوژرا،مەگەر کەم بێکار کرا!)چی هەیە تۆ شانازی پێوە بکەیت؟کاک فەرمان بەمن دەڵێت باسی سلێمانی دەکەیت ..ئاخر گەر سەیری وەڵامەکەی من بکەی دەزانیت من چەند ناوی هەولێریشم هێناوە ،مەگەر کوردستانی ژێر سایەی ئەوان هەر هەولێر و سلێمانی و دهۆک نی‌یە،من زۆرتر وەک بەراورد هەولێر و سلێمانیم باسکردووە وەک ئەوەی هەر شارێکیان و حیزبێک دەسەڵاتی

Created by docuPrinter trial version http://docuprinter.net

www.kurdistannet.org

تێدا هەبووە،بۆئەوەی بۆ تۆ و خوێنەریش ڕۆشن بێت کەئەوان ڕێگرن نەک هاوپشت..
گەر هەر حەز دەکەیت باسی دهۆکیشت بۆ بکەم ئەوە جگە لەوەی هەمان مەینەتی هەولێرە بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا کەی بەزەرووڕت زانی بەچاوان،من کەباسی ئەوێم نەکردبوو بەو دەلیلەی هەمان حیزب دەسەڵاتدارە..من دڵنیام کاک فەرمان بۆ مەبەست مەسەلەی سلێمانی زیندوو کردۆتەوە بۆئەوەی خوێنەر بخاتەبەردەم  ئەوەی گوایە ئەو وەڵامەی من تەنها لەسەر دەسەڵاتداری سلێمانی بێت و ئەوەش بخاتە خانەی هەموو ئەو کێشانەی کە هەمیشە ئەوان ویستویانە خۆیانی لێ دوور بگرن ،بۆ من (ی‌ن‌ک)و (پ‌د‌ک)درێژەپێدەری مەینەتی‌یەکانی خەڵکە بۆیە دەبێت ئەوە بۆ کاک فەرمان ڕۆشن بێت کە من باسی وەرزشم لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا کردووە ،لەمەسەلەی دەسەڵاتی بەعس دا نوسیبووم (هاوڕاین)واتە لەسەری نادوێم.
کاک فەرمان دەڵێت من لە نوسینەکەمدا باسی وەرزشم لەدەورانی بەعسدا کردووە بیری چووە کەچەند بەشان و باڵی سەرانی کوردیدا هەڵداوە وتاوەک نوسینی دووەمیشی بە هەمان شێوە هەر بەوەکۆتای دێنێت و دەلێت من دووبارەی دەکەمەوە کە ئێستا وەرزش لە کوردستان پێشکەوتووە،ئاخر بلێی دوای نوسینی بابەتەکانی خۆی بیخوێنێتەوە یان بۆئەوەیە بەراوردێک لەنێوان ئەو دوو دەورەیەدا بهێنێتەوە(دەسەلاتی بەعس وسەرانی دەسەڵاتداری کوردی)گەر وای نیاز بووبێت ئەوەباشترە بۆ هەردووکیان وەک یەکبڕوانێ چونکە ئەوان هیچ کات دژ بە بەعس نەبوون،لەدواین سەرەمەرگی بەعسدا سلێمانی بۆ بەغداد و کەرکوک چوو بۆ یاری دۆستانە(هەولێر ودهۆک ئەوە هەر لە خولی یانەکانی عێراق نەبڕابوون )ئاخر ئینسان گەر بە ویژدانەوە قسە لەسایەی بەعس و نمونەکانی بەعس بکات دەبێت  لەوەدڵنیا بێت کەئەوان دەخاڵەتیان لەهەرجێیەک کردبێت ،هیچ کات جێی شانازی و پێدا هەڵدان نی‌یە.

Created by docuPrinter trial version  http://docuprinter.net